# لەشکرکەشییەك
# لە دەشتی (کەرکووك) و (هەولێر)*

سەردەمی پاش هەرەسی بنەماڵەی سێیەمی (ئور)ی سومەری (کە دەوروبەری ساڵی ٢٠٠٤ پ.ز ڕووی دا) کە بە سەردەمی بابلیی کۆن ناسراوەو نزیکەی پێنج سەدەی خایاندو بەشی یەکەمی بە سەردەمی ئیسن-لارسا ناسراوە... ئەو سەردەمە دەوڵەمەند بوو بە چەند شتێك: بە دەوڵەتە بەهێزە زۆرەکانی، بەدەوڵەتە بچووکەکانی، بە چالاکیی گەلانی کوردستان، بە بەرزبوونەوەی هەندێك دەوڵەت بۆ لوتکە و پاش ماوەیەك دابەزینیان بۆ نشێو، بە نووسراو و نامەگۆڕینەوە نێوان پادشایان هەروەها نێوان پادشایان و فەرمانبەرانی سەر بەوان، بە ڕاپورتی سیخوڕان لەبارەی بارودۆخی وڵاتی دوژمن.

دەوڵەتەکان لەجەنگ و مونافەسەیەکی بەردەوام بوون، جاری واش بووە دوو دەوڵەت ماوەیەك لەحاڵەتی شەڕدا دەبوون بەڵام دواتر دەبوونە هاوپەیمانی یەکتر. ئەو لەشکرکەشییەی لێرەدا باسی دەکەین زیاتر دوو دەوڵەتی بەهێز دەگرێتەوە ئەوانیش دەوڵەتی ئاشوری کاتیشامشی ئادادی یەکەم(١٨١٣-١٧٨١پ.ز)[١]و دەوڵەتی ئێشنوننا **Ešnunna** کە شوێنەواری ئەو شارە گردی (تەل ئەسمەر)ی نزیك (باقووبە)یە. جگە لەم دوو دەوڵەتە دەوڵەتی ئێلام و لارسا هەبووە لەکاتێکدا بابل هێشتا دەوڵەتێکی بچووك بوو، جگە لەمانەش دەوڵەتی بچووکتری زۆر.

ئیپیق ئادادی دووەمی ئێشنوننا لە ساڵانی یەکەمی شامشی ئاداد شاری ئارراپخا **Arrapha** (کەرکووك)ی گرت[٢]. پادشای ئێشنوننا ژمارەیەك شاری گرنگی تری گرت وەك ئاشورو قابرا **Qabrā** (یان قابارا **Qabara**)ی دەشتی هەولێرو ئاشناککوم لەناوچەی سێگۆشەی خابووری فورات...تاد[٣]. پاش ئەمیان نارام سین، کە نارام سینی ئەکەدی نییە، حوکمی ئێشنوننای کردو پاشان دادوشا **Daduša**، برای نارام سین بووە پادشا. ململانەی نێوان ئێشنونناو ئاشوری شامشی ئاداد بەردەوام بوو بەڵام دواتر دوو دەوڵەتەکە پێك دێن و تەنانەت شەڕی هاوبەش دەکەن.

دادوشا ساڵێکی فەرمانڕەوایی خۆی بەناوی ساڵی گرتنی قابارا **Qabara** تۆمار دەکات کە دەکاتە دوایەمین ساڵی حوکمی چونکە هەر لەو ساڵەدا دەمرێت[٤] (دەوروبەری ١٧٩١ پ.ز). لەو ساڵدا ئارراپخاو ئوربێل (هەولێر)و شاری تریش دەگیرێن.

تا ماوەیەکیش ئەو ڕاستییە نەزانرابوو کە کاتی گرتنی قابراو شارەکانی تر هەردوو دادوشاو شامشی ئاداد هاوپەیمان بوون[٥]. پێشتر میلێك دۆزرابووەوە، کە ئێستا پێی دەوترێت "میلی قابرا"و کە ناوی پادشاکەی پێوە نەماوەو باسی گرتنی ئەو شارانە دەکات. زانیاریی تریش لەبارەی ئەو شەڕانەوە دواتر بەهۆی نامەکانی ماریو شمشارە هاتنە دەست بەڵام پاش ئەمانە

---

* رامان، ٣٣، ٥/٣/١٩٩٩، ل١٩٩-٢٠٢.

[١] (ئایدم) دەڵێت زاراوەی "ئاشوری" بۆ شامشی ئادادو دەوڵەتەکەی جێگەی کێشەیەو پشتگیریی دوران **Durand** و شارپان **Charpin** دەکات لە هەڵبژاردنی زاراوەی " پادشانشینی وڵاتی دووڕوباری سەروو" **ShA 2, p.14, n.12**. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پایتەختی شامشی ئاداد لەڕاستیدا شاری ئاشور نەبوو بەڵکو شاری شوبات ئێنلیل (= گردی لەیلان) لە ناوچەی خابووری فوراتدا، هەروەها شامشی ئاداد ئاموری بووە لەکاتێکدا ئاشورییە کۆنەکان ئەکەدی بوون، شاڵاوی ئامورییەکانیش بۆ وڵاتی دوو ڕوبار کەمێك پێش هەرەسی بنەماڵەی ئور دەستی پێکردبوو. ناوی پادشاش بەشێوەی ئاموری (سامسی ئاددو)ـەو بە ئەکەدی (شامشی ئاداد)ـە ئەوەش بە هۆی جۆری خوێندنەوەی ناوەکەیەو (ئایدم) و (لێسۆ) شێوەی ئەکەدییان هەڵبژاردووە: **ShA 1, p.14, n.11**.

[2] **ShA 1, p.38.**

[٣] جورج رو، العراق القديم، ل ٢٥٤-٢٥٥.

[4] **T.Baqir, Date-Formulae and Date-Lists from Harmal, in; Sumer, 5, no.1, Jan., 1949, p. 40.**

[٥] بڕوانە بۆ ئەمە: **ShA 1,p.17**.

ئەمانە دۆزینەوەی میلەکەی دادوشا ئەوەی ئاشکرا کرد کە بەسەرهاتەکانی میلی قابرا نەك تەنها باسی شەڕی ئێشوننا و ئاشور ناکات بەڵکو لەڕاستیدا شەڕێکی هاوبەشی دوو دەوڵەتەکە بوو وداودشا کۆمەکی شامشی ئادادی کردبوو.

## میلەکەی قابرا

وتراوە ئەو میلە شکاوەی وتمان ناوی میلی قابرای لێ نراوە لە شنگار (سنجار) یان لە(ماردین)دا دۆزرابووەوە[١]. دەقی میلەکەش کە ناوی خاوەنەکەی پێوە نەماوە بەم جۆرەیە[٢]:

(( بەفەرمانی خوداوەند ئێنلیل بۆ ... هەڵگەڕام. دوای ئەوەی چوومە ناو ئارراپخوم **Arraphum**، بۆ حەوت ڕۆژ ئاهەنگم گێڕا، قوربانیم پێشکەش کرد.. بۆ ناوەڕاستی چووم[٣] پێی خوداوەند ئادادی ئاغامم ماچ کرد، ئەو ولاتەم دامەزراند، فەرمانڕەواکانی خۆمم دامەزراند. لەکاتی جەژنی ئاکیتو **Akitu**[٤] دا قوربانیم لەئارراپخادا پێشکەش بە شاماش‌و ئاداد کرد. لەمانگی ئاداردا، لەڕۆژی بیستەمیدا لەزێ **Za'ibum** پەڕیمەوە، لەشکرکەشیی تالآنکەریم لەولاتی قابرادا[٥] کرد، بەروبوومی ئەو ولاتەم لەناوبرد، شارە شوورەدراوەکانی ولاتی ئوربی ئێل **Ur-bi-e-el** لەمانگێکی گونجاودا هەموویانم گرت. لەهەموو شوێنێکدا قەلآکانی خۆمم دامەزراند[٦] .قابرا، من ... بەڕاستی من ... لە ... بەروبوومەکانی، هەرچییەک باش بوو لەناوم برد. ئەو شارە لەمانگێکی... دا نە... ئەو شارە لەمانگێکی ... دا، لەڕۆژێکی ... دا)).

(قەراغی میلەکە نووسینی شکاوی لەسەرە: خوداوەندە ... بەڕاستی).

ئەمەی خوارەوەش وەرگێڕانێکی نوێترە(گرەیسن هەروەها ئایدم)[٧]-لەو سەرچاوەیەش (ئەوەی ئایدم) کە لەبەردەستمدایە ڕستەکانی یەکەم نەنووسراون:

(( ... چوومە ناو قەلآکەی (قەلآی کابرایەک لە ئارراپخا/ف.ق). پێکانی خوداوەند ئادادی ئاغمم ماچ کردو ئەو ولاتەم ڕێکخستەوە. فەرمانڕەواکانی خۆمم لە هەموو شوێنێکدا دامەزراندو لەناو ئارراپخا خۆیدا قوربانیم بۆ خوداوەند ئادادو شاماش لە فیستیڤاڵی خومطوم **humṭum** پێشکەش کرد. لە ڕۆژی بیستەمی مانگی ئاددار لە ڕوباری زاب پەڕیمەوە پەلامارێکم لە ولاتی قابرا بەرپا کرد. بەروبوومی ئەو ولاتەم لەناوبردو لە مانگی ماگرانوم **Magrānum** هەموو شارە شوورەدراوەکانی ولاتی ئوربیئێل ( *لەوەرگێڕانەکەدا نووسراوە ئاربێلا کە ئەمە بەکارهێنانی ناوی نوێترە لەلایەن وەرگێڕەوەو لێرەدا ناوە ئەسڵییەکەم*

---

[١] (شیل) ئەم میلەی لە (مووسڵ)دا بینیبوو، بڕوانە:
**A.Goetze, The Stela ((AO)) 2776 of the Louvre, in; RA, 46, 1952, p. 155.**
زووتر باسی میلەکە لەم سەرچاوەیەی خوارەوەدا بلآوکرابووەوەو کەدەستمان نەکەوتووە:
**H. de Genouillac, RA, 7, 1910, pp. 151-156.**

[٢] ئەم وەرگێڕانەی دەقی میلەکە لە: **RISA,p.339** ، بەهۆی سەرچاوەی تریشەوە دەستکاریمان کردووە.

[٣] ڕەنگە تەواوکردنی ڕستەکە ئەوە بێت پادشاکە چووبووە (کیرخو)ی ئارراپخا، بڕوانە خوارتر.

[٤] جەژنی (ئاکیتو)ش جەژنی سەری ساڵەو لە یەکەم ڕۆژی مانگی (نیسانو) دەست پێدەکات. ئەم مانگەش ڕێکەوتی کۆتایی مانگی ئاداری ئێستاو سەرەتای مانگی (نیسان)ی ئێستایە.

[٥] لەسەرچاوەکەماندا ناوەکە (تابرا)یە، خوێندنەوە ڕاستەکەشی (قابرا)یە.

[٦] وشەی **Magir** واتای (گونجاو) دەدات، ڕۆژی گونجاویش ئەو ڕۆژەیە کەئەگەر کاری تێدا بکرێت سەرکەوتوو دەبێت. لەمیلەکەشدا وشەی **Mag** هاتووە. بەڵام لەلایەکی ترەوە مانگی ماکرانوم یان ماگرانوم **Mag/krānum** لەساڵنامەی ئێشنونادا هەیە بۆیە (گوتزە) ماگ **Mag**ی وەك خۆیوەرگرتووە نەك واتای ((گونجاو))ی بداتێ:**A.Goetze, RA, 46, p. 157** . بڕوانە وەرگێڕانی نوێی دەقەکە کە کردوویەتی بە مانگی ماگرانوم/ماقرانوم: **ShA 1, p.38**.
ڕستەی ((لەهەموو شوێنێکدا قەلآکانی خۆم دامەزراند)) هەر لەم باسەی (گوتزە) وەرمانگرتووە (ل ١٥٦). مانگی ماگرانوم/ماقرانوم=مانگی نیسان/حوزەیرانی ئێستامانە.

[7] **ShA 1, p.38.**
(ئایدم) بۆ دەقی میلەکە ئاماژە بۆ ئەم دوو سەرچاوەیە دەکات ( لەو سەرچاوەیەی سەرەوەیدا ڕستەکانی یەکەمی نەنووسیوە):
**J.Eidem, News from the Eastern Front: The Evidence from Tell Shemshāra, Iraq, 47, 1985, p.83-84.**
**A.K.Grayson, Assyrian Rulers from the Third and Second Millennia BC, The Royal Inscriptions of Mesopotamia, Assyrian Periods 1, 1987, p.63-64.)**

نووسییەوە/ ف.ق). حامیەکانم لەهەموو شوێنێکدا دانا. تەنها قابرا مابوو. لە ... بەروبوومی... ئەو شارە لە مانگی ... نەگواستەوە... ئەو شارە لە [...] )).

## قابرا Qabrā

سەرەتا (فۆرەر) میلەکەی بە هی شامشی ئاداد زانیبوو[1] پاشان (فۆن زۆدن)[2] و (کوپێ)[3] و (لێسۆ) هەمان بڕوایان هەبوو[4]، نوێتریش (ئایدم)[5].(ئونگەر) بەگومانەوە گەڕاندبووی بۆ پادشایەکی (لوللو)[6]، بەڵام لەلایەکی ترەوەو چونکە زانراوە کەوا قابرا کاتی نارام سین و دادوشا لەدەستی ئێشنوننادا بوو، بە هی پادشایەکی ئێشنوننای زانراوە، یان دادوشا (گوتزە)[7] ئەویش لەبەر هەبوونی ساڵێکی دادوشا بەناوی: ئەو ساڵەی دادوشا قابارا (قابرا)ی گرت (بڕوانە سەرەوە)، یان ئەوەشە هی نارام سینی ئێشنوننا[8]، ئەویش لەبەر ئەوەی ڕێی تێ ناچێت هی شامشی ئاداد بێت چونکە ڕێڕەوی لەشکرکەشییەکە لە باشوورەوە بەرەو جەرگەی وڵاتی ژێر دەسەڵاتی ئاشوورییەکانە[9]. بەڵام دەڵێین لەوانەیە میلەکە بگەڕێتەوە بۆ ئەو ماوەیەی تیایدا ئەو شارانەی گرتبوو، جگە لەمەش ناوی (قابرا) لە میلەکەدا بەم شێوەیە هاتووەو کە لەلایەن شامشی ئادادەوە بەکاردەهات لەکاتێکدا لە ساڵنامەی ئێشنوننادا شێوەی (قابارا) بەکارهاتووە، بەڵام ئەوە دەمێنێتەوە کە ڕێڕەوی لەشکرکەشییەکە بەم جۆرەیە: ئارراپخا (کەرکووك) – قابرا – هەولێر واتە ئەمە زیاتر بۆ کەسێك گونجاوە کە لە باشوورەوە هێرش بکات (واتە: ئێشنوننا) نەك لەباکوورەوە (واتە: ئاشور)[10]، بەڵام بەڵگە هەیە کە شامشی ئاداد ئارراپخای گرت پاشان قابرا (بڕوانە دواتر).

ئاشوورییەکان ناوی وڵات و شارەکە بە شێوەی قابرا Qabrā[11] دەنووسن لەکاتێکدا لە ئێشنوننا بە شێوەی قابارا ناسرابوو. دەشبینین کە لە نامەی (شێپراتو) ناوێك کە فەرمانڕەوایەکی ناوچەییە(ڕەنگە لە ڕۆژئاوای دەشتی ڕانیە) کە بۆ فەرمانڕەوای شمشارەی نووسیبوو باسی گرتنی شارەکەی کردووە (کە فەرمانڕەوای شمشارە لە ئاشوورییەکانی وەرگرتبوو و بۆ شێپراتوی ڕەوانە کردبوو) شێوەی قابارائێ Qabarae[12] بەکاردەهێنێت[13]. ناوبراو دەنگی ئێ، کە کۆتاییەکی خوررییە،

---

[1] سەرچاوەی سەرەوە، هەروەها: RLA, 1, 1928, S.244.

[2] W. Von Soden, OR NS, 22, 1953, 256.

[3] OR NS, 27, 1958, 442.

[4] Sh.T., p.74.

[5] ShA 1, p.38n.50.

[6] RLA, 1, S.141.

بڕوانە وەرگێڕانی خۆمان بۆ ئەم باسەی (ئونگەر) لەگۆڤاری (رامان)دا ژمارە ٣٠، ٥/١٢/١٩٩٨، ل ١٦١-١٦٣ (بابەتی هەولێر لەم کتێبەدا).

[7] A. Goetze, RA, 46, p.157.

[8] W. Nagel, Eine Siegesstele des Naramsin von Ešnunak, in; ZA, 53 (N.F.=19), 1959, S.135.

[9] A. Goetze, RA, 46,p.157.

[10] ئەم موناقەشەیە بەر لەوەی کتێبی ئەرشیفی شمشارەم دەستبکەوێت کراوە، ئەمیان ئەو ڕایە پەسەند دەکات کە میلەکە هی شامشی ئادادە. ئەو کتێبە بەتایبەتی بەرگی یەکەمی (= بەشی نامەکان کە پاش بەرگی دووەمی ئەرشیفەکە= دەقی ئیداری بە نۆ ساڵ دەرچووبوو، واتە بەشی دووەمی ئەرشیفەکە پێشکەوتبوو) سوودێکی تایبەتیی هەبوو بۆ ئەم بابەتەم.

[11] وەك لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا وتم تەواو بە درێژیی بزوێنەکان پابەند نەبووم بەڵام بەپێویستی دەزانم لێرەدا ئاماژە بۆ ئەو بکەم کە ناوەکە زیاتر لە (قەبرا) دەچێت نەك قابرا.

[12] لە کتێبەکەی ئایدم و لێسۆ (ShA 1, p.166) هەڵەی ئەوە کراوە کە لە پێڕستی ناوەکانداو لە خانەی شێوەی قابارائێ نامەی ژمارە ٢٦ شمشارەی دانراوە (SH.856 کە ئیشمێ داگان ناردبووی). شێوەکە لەڕاستیداو هەروەك لە هەردوو کۆپیی هێما مێخییەکان و هێماگۆڕینەکە دیارە ئەو شێوەیەیە کە شامشی ئاداد بەکاری هێناوە واتە: Qa-ab-ra-a.

[13] ShA 1, no.64, 9.

زیاد دەکات بۆ ناوەکانی تریش. بەواتایەکی تر لەو بەشەی کوردستان کە دەکەوتە ڕۆژهەڵاتی وڵاتی قابرا شێوەی قابارا بەکار دەهات.

ناوی قابرا ئەوەندەی بزانین تەنیا لەو سەردەمەدا دەبیسترێت جا یان ئەوەیە تەنیا لەو سەردەمەدا ناوی هەبووەو یان ئەوەیە پاش ئەو سەردەمە ناوەکەی گۆڕابوو و کە ئەمەمان لا پەسەندترە. قابرا لە میلەکەی دادوشادا بە خانەی دێرین ناوبراوە[1].

لەوکاتەی شامشی ئاداد شاری ماریو بەشێکی سووریاو دەشتاییەکانی باکووری وڵاتی دووڕووباری لەدەستدا بوو، قابرای هێشتا نەگرتبوو، ئیشمێ داگان (Išme-Dagān) کوڕی شامشی ئادادو بەرپرسی بەرەی ڕۆژهەڵات نامەی بۆ یاسماخ- ئادادی[2] برای (کە فەرمانڕەوای ماری بوو) دەنێرێت کە شارەکانی وڵاتی قابرا هەموویان گیرانو (( تە(نها) قابرا ما(وە) ))[3].

ساڵی ٢٨ی شامشی ئاداد (١٧٨٦پ.ن)[4] چەند ڕووداوێکی بەخۆوە بینی کە گرتنی قابرا یەکێکیان بوو[5]. بەپێی ئەو میلەی بە میلی قابرا ناسراوە کە ڕای بەهێز ئەوەیە هی شامشی ئادادە، پادشاکە دەڵێت قابرای گرت، دادوشاش لە میلەکەیدا دەڵێت کە قابرای لە دە ڕۆژدا گرت و پادشای قابرا کە بونو- ئیشتار Būnu-Ištar[6] کوژراو سەری برا بۆ ئێشنوننا، دادوشاش دەڵێت کە وڵاتی قابرای بەخشی بە شامشی ئاداد[7]. ئەوەش ئاشکرا بووە کە لەشکری هاوبەشی ئێشنونناو ئاشور وڵاتی قابرای گرت. لە گرتنی شاری قابرادا کوڕانی شامشیئاداد (غەیری ئیشمێ داگان و یاسماخ ئاداد) کەوتبوونە دەستی دادوشا، شامشی ئادادیش بە یاسماخ ئادای کوڕی دەنووسێت کە ئەو نامەیەی بۆ پادشای ئێشنوننا نووسرابوو بۆی بنێرێتو داوای بەردانی ئەو کوڕانە بکات ئەویش ئەگەر مالگیئوم Malgium- کە کەوتۆتە خوارووی ئێشنوننا- لەلایەن ئاشورییەکانەوە گیرا[8].

دادوشا ناوی "شارە شوورەدراوەکانی" وڵاتی قابرا دەهێنێت کە گیرابوون:توتاررا Tutarra ، خاتکوم Hatkum، خورارا Hurara، کێرخوم Kerhum [9] (کە پێشتر بە قیرخادات[10] خوێنرابووەوە- بڕوانە بابەتی ئارراپخا لەم کتێبەدا).

نامەیەکی ماریش ناوی هەمان ئەو شارانە دەبات : توتارروم Tutarrum ، خاتکا Hatka، خورارا Hurara کە ئیشمێ داگان گرتبوونی[11]. چەند نامەیەکی تریش ناوی شاری تر دەهێنن: کێرخوم Kerhum(لە مانگی ئادداروم)[12] و ناوی شاری تر دەبەن کە لە میلەکەی دادوشادا نین: شونخوم Šunhum[13]، ئائیننوم A'innum و زامییاتوم Zamiātum

---

[1] P.Steinkeller, The Historical Background of Urkesh and the Beginnings in Northern Mesopotamia, BM 26, p.85n.40.

[2] ڕەنگە لە ئەسڵدا یەسمەع ئاداد بێت. وشەی یەکەمی ناوەکە ئامورییە لەکاتێکدا وشەی ئیشمێ لەناوی ئیشمێ داگانی برایدا ئەکەدییە.

[3] G. Dossin, ARM, I, 1950, 135.

[4] کێشەو ئاڵۆزییەك هەیە لەو مێژووە کە ئێرە جێگەی موناقەشەی نییە، بڕوانە ShA 2, p.19n.14 پاشان قەناعەتی نوێتری ئایدم : ShA 1, p.17.

[5] ShA 1, p.18f.

[6] لە ShA 1, p.39 و لەناواخنی قسەی دوو نووسەر دیارە پادشای قابرایە کەچی لە ShA 2, p.16 پادشای ئوربێلە کە دیارە ئەمە هەڵەیە. هەر لەو بەرگەدا (ل ٤٨) ناوبراو پادشای قابرایە. ناوەکەش بەپێی (ئایدم) ئامورییە: ShA 2, p.48.

[7] ShA 1, p.39.

[8] ARM, 1, 27.

[9] ShA 1, p.18n.22.

[10] ARM I, 135.

[11] Ibid(ARM I, 131).

[12] Ibid (D.Chaprin, Noms d'années et éponymes á Mari, Nouvelles Assyriologiques Bréves et Utilitaires, 92, section 30.)

[13] Ibid(ARM I, 131).

[1] کە هەردوکیان لەسەر قەراغی زێی بچووکن و دووەمیان هەروەها لە نامەیەکی شمشارەدا هاتووە[2] و سارریما Sarrima[3] کە ئەمیان دیسان لەنامەیەکی شمشارەدا ناوی هاتووە بەلاّم لە دەقەکەدا تەنها هێمای (سا) و بەشێکی هێمای (را) بە ساغی ماوەتەوە[4].

قابرا لەدەشتی هەولێردا بوو. لای (دێلەر) قابرا قەلاّی سەردەمی ئاشوریی نوییە؛ باقارری Baqarri کە بەپێی ئەو دەتوانرێت بەوردی نزیکی ١٥-٢٠ کیلۆمەتر لەباکووری ڕۆژئاوای پردێ (ئاڵتون کۆپری)دا دابنرێت[5].

ناوی ئەم باقارری( باگارری)یە لەڕابەری ڕێگەیەکدا هاتووە. خاوەن ڕابەرەکە لەو شارەوە دەکەوێتە ڕێو بەڕێگەی ساری Sari یان سارێ Sareوئارزوخینا Arzuhina بە یەك ڕۆژ دەگاتە تێل ئارزوخینا (گردی ئارزوخینا)، لەوێشەوە بەیەك ڕۆژ دەگاتە شاری Dûr-SAL.ANŠU.KUR.MEŠ (قەلاّی ماینەکان -جگە لە"دوور"ئەوانەی تر سومەرین، بە ئەکەدیش بەشێوەیەکی تر دەخوێنرێنەوە). دواتریش بەڕێگەی ماتورابا Maturaba دەگاتە دوور-تالیتێ Dûr-Talite کە سپایزەر بە چەمچەماڵی زانیوە[6]، پاشانیش بە ڕۆژێك دەگاتە بابیتێ (دەوروبەری دەربەندی بازیان)و دوایی دەچێتە ڕۆژهەلاّتی بازیان و ئینجا شارەزوور[7]. بەم جۆرە چوار ڕۆژە ڕێ لە بازیانەوە بەرەو باکووری دەشتی کەرکووک بێ لادان بۆ ناو کەرکووک خۆی مرۆڤی دەگەیاندە باقارری، ئیتر بە حسابی ماوە نێوان دەربەندی بازیان و چەمچەماڵ کە گەشتی نێوانیان یەك ڕۆژی بردبوو و بە حسابی چوار ڕۆژی گەشت باقارری نزیکە لە پردێ، ئەگەر ڕاستیش بێت پردێ شاری کۆنی سارێیە (بە پێی پارپۆلا)[8] دەبێت باقارری لە باکووری پردێ بووبێت، واتە نزیك بە شوێنی قابرای کۆن، دەشتوانین لە باکوورتر دایبنێین چونکە ڕێگە لە چەمچەماڵەوە بۆ بازیان ناڕەحەتترە لە چاو قۆناغەکانی ترو کابراکە لە هەر ڕۆژێك لە سێ ڕۆژی یەکەمدا ماوەیەکی زۆرتری ڕیبوو لەچاو ڕۆژی گشتەکەی لە چەمچەماڵەوە بۆ بازیان. هەرچەندە ئەو پرسیارەش هەیە کە بۆچی کابرا ناوی زێی‌نەبردووە کە دەبوا لێی بپەڕایەوە.

پێشتر بە دوورم نەزانیبوو قابرا (قوشتەپە)ی ئەمڕۆ بێت کە گردێکی بەرزی شوێنەواریی لێیە، بەلاّم ئەمە ئێستا بە دروست نازانم چونکە هەر لە سەردەمی قابرادا شاری کاشتاپپوم Kaštappum لە نامەیەکی شمشارەدا هەیە[9]. ناوەکەش بەبێ پاشگری (ئوم)ی ئەکەدی بریتییە لە: کاشتاپپا، کاشتاپپو... . بێگومان پاشگرە ئەکەدییەکە بۆ ئەو ناوانەش زیاد دەکرا کە ئەکەدی نەبوون، بۆ نموونە: لولوبوم. بەپێی باسەکانی نامەکە پێ دەچێت شارەکە لە باکووری زێ بووبێت ، واتە لە دەشتی هەولێر. ناوی کاشتاپپوم کە ئەمڕۆ بووەتە قوشتەپە (= گردی باڵندە بە تورکی) نموونەیەکە لەسەر گۆڕانی ناوی کۆن بۆ ناوێکی نوێی نزیك بێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەك هەبێت لەنێوان دوو ناوەکە یان تەنانەت، وەکو ئەم حاڵەتە، هیچ پەیوەندییەك هەبێت لەنێوان ئەو دوو زمانەی دوو ناوەکەیان بۆ دەگەڕێنەوە (نموونەی تر شاری ساراداوش کە لە هەمان ناوچەی سورداشەو بەبڕوامان ئەسڵی ناوە نوێکەی سورداشە کە گوایە واتای بەرد – تاش بە تورکی- ی سووری هەیە).

لە پادشاکانی قابرا دووان دەناسین؛ یەکەمیان بونو-ئیشتارە کە پێشتر دیمان و کە ناوەکەی (یان ڕاستتر بەشی یەکەمی ناوەکەی) ئامورییە(ئایدم)[10]. دیارە هەر ئەوەشە کە لە نامەیەکی شاری ماریدا بەناوی ((ئاغای قابرا)) هاتووەو باس لە

---

[1]Ibid(ARM I, 121).

[2]ShA 1, no.1.

[3]ShA 1, p.18n.22(ARM IV, 49).

[4]ShA 1, no.19.

[5]ShA 1, p.22.

[6] AASOR VIII, p.17.

[7]A.T.Olmstead, JAOS, 39, 1918, p.233.

هەروەها کتێبی (مێژووی گەلی لوللو)مان، ل٤٩-٥٠.

[8]S.Parpola, State Archives of Assyria, vol. I, 1987(map).

[9]ShA 1, no.9.

[10]ShA 2, p.48.

بەزاندنی کراوە[1]. پادشای دووەمی قابرا کە بیناسین دواتر حوکمی کردووەو لە دەقێکی شاری ماریدا ناوی هاتووە ئەویش ئارداکاندا Ardakanda دێت کە وتراوە پادشای قابرایە[2]. ناوەکە بە شێوەی ئاردیگاندی Ardigandi لە نامەیەکی ماریدا هاتووە کە بۆ زیمری لیم Zimri-Lim[3] نێردراوە[4].

کۆتایی ناوی ئارداکاندا لە هی ناوی پادشایەکی گوتی (سەدەی ٢٢پ.ز) دەچێت ئەویش: یارلاگاندا (؟) Iarlaganda(?) هەرچەندە شێوەیەکی تری ئەم ناوە برگەی (دا)ی پێوە نییە[5]. بەهەر حاڵ (ئایدم) ئارداکاندا بە ناوێکی ئاموری دەزانێت بەڵام هیچ ڕوونکردنەوەیەك لەبارەی ئەم ئامورێتییە پێشکەش ناکات[6].

ناوێکی نزیکتریش لە ئارداکاندا ناوێکە لە نامەیەکی (شمشارە)دا هاتووە کە نامەیەکی تری (شێپراتو)وە کە لەسەرەوە باس کرا. کابراکە ناوی بێردیگێندائیٚ Berdigendae ی هەڵگرتووەو سەر بەشاری زوتلوم Zutlum[7] بوو و کە بەبڕوامان ڕۆژئاوا یان باکووری ڕۆژئاوای دەشتی (ڕانیە)یە، بەلای (کۆیە) . وتیشمان دەتوانین دەنگی (ئێ) لابەرین (وەکو ناوی قابارائیٚ)و بەم جۆرە ناوەکە دەبێتە بێردیگێندا لابەرین و بەمەش بەشێکی گەورەی ناوەکە نزیك دەبێت لەناوی ئارداکاندا.

نامەکەی ماری کە ناوی ئاردیگاندی دەهێنێت بۆ زیمری لیم لەلایەن دوان لە پیاوەکانییەوە نێردرابوو و ڕاپۆرتێکە لەبارەی شکانی پادشای قابرا لەسەر دەستی کاکمییەکان. دوو کابراکە دەڵێن:" ئێوارە گەشتینە ئاشورو ئەمەمان لە خەڵك بیست: کاکموم Kakmum (بە شێوەی مرۆڤی تاك نەك کۆ) ئاردیگاندیی پادشای قابرای بەزاند. ئەمە بوو کە خەڵکەکە پێیان وتین. ئێمە چووینە کۆشکەکەو ئیشمیٚ داگان ئەمەی پیٚ وتین: ٥٠٠ سەربازی گورگورروم Gurgurrum پەلاماری وڵاتی ئاردیگاندییان داو تالانییان بەرپا کرد. ٢٠٠٠ سەربازی ئاردیگاندی دژە هێرشیان کرد، ئەمانە شەڕیانکردو (سەربازانی) کاکموم زاڵ بوون و ئاردیگاندییان بەزاندو فەرمانبەرە گرنگەکانی پەرش و بڵاو بوون. ئێستا ئەو پیاوە [...] بەهۆی ژێرکەوتنەکەیەوە ئەو [...] و متمانەی خۆی دەخاتە ئاغاکەت(و) شارەکانی خۆی پشت گویٚ دەخات"[8].

ڕەنگە پاش ئەوە بووبێت کە پەیامبەری قابرا لەگەڵ پەیامبەری شوێنی تر ڕوو دەکەنە ناوچەکانی ژێر دەستی ماری (بڕوانە خوارتر).

هەواڵێك بۆ زیمری لیم نێردرابوو باسی لەشکرێکی قابرایی لەگەڵ لەشکری تری کردووەو ڕووداوێك تۆمار دەکات لە زنجیرەی شەڕەکانی نێوان دوو بەرە یان زیاتر کە مۆرکی ئەو کاتە شێواوەی ئەو ناوچانە بوو:

(( ٢ هەزار توروککی

٢ هەزار قابرایی

هەزار یاخورروم Iahurrum ))[9].

ئەمانە پەلاماری ئەو دامەزراوەی ڕوبارەی کە ئیشمیٚ داگان دروستی دەکرد، ئەویش دێت بۆ کۆمەك و دەیانبەزێنێت[10].

---

[1]ARM, I, 92.

[2]G.Dossin, Les archives economiques du palais de Mari, Syria, 19-20, 1938-1939, p.109

[3] زیمری لیم: یاخدون لیمی باوکی کە پادشای ماری بوو کوژراو شامشی ئاداد ماریی گرت و یاسماخ ئادادی کوڕی کردە فەرمانڕەوای ماری. ماوەیەك پاش مردنی شامشی ئاداد زیمری لیم تەختی ماریی بە کۆمەکێکی دەرەکی دەستکەوت. زیمری لیم هاوپەیمانی حامورابیی بابل بوو بەڵام لەسەر دەستی ئەمیان ماری لەناوچوو. ماری لەسەرەتای سەردەمی گرنگی بنەماڵەکانەوە (چوار تا پێنج سەدەی پێش سارگۆنی ئەکەد) شارێکی گەشەسەندوو بوو.

[4]ShA 1, p.57.

[5] بۆ ئەم ناوە بڕوانە :.SKL, p.119 . گومانەکە لەهێمای (یا)ی ناوەکەیە.

[6]ShA 2, p.48.

[7] بۆ ئەم ناوە بڕوانە:Sh.T., p.81, ShA 1, no.63 .

[8]ShA 1, p.57(ARMT, XXVI/2, 489, 6-17).

[9]RA, 39, 1942- 44, p. 67.

[10]ShA 1, p.57(ARMT, XXVI/2, 510).

تورووککییەکانیش (Turukki,Turukku) خێڵێکی (خوری) ڕەگەز بوون و لەڕۆژهەڵاتی هەولێردا دەژیان و لەو کاتەدا زۆر چالاك بوون[1]. یاخورروم یاخود یاخرووم Iahrurum دیارە خێڵێکی ئامورییە (لەهەمان ڕەگەزی حامورابی و شامشی ئاداد). خێڵی یاخرورم لەباشووری عیراقدا بینراوەو دیارە لەناوچەی دەشتی هەولێر یان کەرکووکدا هەبووبن.

نامەیەکی ماری (کە بە هی ساڵی دەیەمی زیمری لیم زانراوەو ئەو ساڵە بوو ئیشمێ‌داگان گەڕایەوە وڵات پاش ئەوەی ماوەیەك هەڵهاتبووو لە بابلدا مابووەوە) ئەوە پیشان دەدات کە تورووککییەکان جۆرە دەسەڵاتێکیان هەبوو لە قابرا یان لە ناوچەکانی نزیکی کە بە نیشتمانی خۆیانیان دەزانی qaqqar napištim[2].

بینیمان کاکمییەکان هەڕەشەیەك بوون لەسەر قابرا بەڵام نەك تەنیا ئەوان بەڵکو هەروەها گوتییەکانیش هەڕەشە بوون و مەترسیی ئەوان گەورتر بوو. تورووککییەکان دوژمنایەتییان لەگەڵ گوتییەکاندا هەبووەوئەو دوژمنایەتییە تا ئەوکاتە درێژەی کێشابوو. تورووککییەکان کە دوژمنی ئیشمێ داگان بوون ویستبوویان کۆمەکی خاتنو-ڕاپی Hatnu-rapi ی قاططارا Qaṭṭarā (تل الرماح)= ڕۆژئاوای موسڵ نزیك تەلەعفەر) بکەن تاکو پایتەختەکەی خۆی دەستبکەوێتەوە بەڵام ناچار بوون پاشەکشە چونکە گوتییەکان، کە زوزوم ناوێك پادشایان بوو، پەلاماری وڵاتی قابرایان دا.

لە نامەکەی سەرەوەش کە باسی هێزی تورووککییەکان و هی قابرا و یاخورروم بەجیا کراوە دیارە قابرا فەرمانڕەوای تایبەتی خۆی هەبووە بەڵام ئەوەش ڕێی تێ دەچێت ، هەروەك (ئایدم) بۆی چووە، کە ئەو پادشایە شوێنکەوتەی تورووککییەکان بووە، کە ئەو کاتە زازیبا پادشایان بووە[3].

هەر نزیك قابرا خێڵێك هەبووە بە ناوی یائیلانوم Jailānum. ئەو خێڵە ئامورییەش لەدەشتەکانی نزیك ڕوباری دیجلەدا دەژیا. ناوی دەوڵەتی یائیلانوم زۆر کات لەگەڵ نیشانکەرەوەی مرۆڤ دەنووسرا بۆیە وا زانراوە کە ناوەکە لە ناوی دامەزرێنەری ئەو بنەماڵەیە وەرگیراوە[4]. شاری توتارروم (توتاررا)ش، کە لەو شارانە بوون کە لە لەشکرکەشییەکەی گرتنی ناوچەی قابرادا گیرابوو، لەگەڵ ئەو خێڵە پەیوەست کراوە بۆیە ئەوە بەهێزتر دەبێت کە ناوچەی یائیلانوم دراوسێی ناوچەی قابرا، لەوانەشە تێهەڵکێشی بووبێت[5]. فەرمانڕەوای یائیلانوم لە شەڕێکدا لە توتارروم‌دا لەسەر دەستی ئیشمێ داگان بەزێندراو سەری لێکرایەوە[6].

لەو نامەیەش کەپێشتر ئاماژەمان بۆ کردو باسی بەزاندنی ئاغای قابرا دەکات وتراوە تەنیا پێنج ڕۆژ دوای سەرکەوتن بەسەر ئەم کابرایە، شامشی ئاداد یائیلانومی بەزاند.

فەرمانڕەوای تێرقا Terqa بۆ ئاغاکەی، واتە پادشای ماری زیمری لیم دەنووسێت کە سێ پەیامبەر گەشتبوونە تێرقا لەگەڵ خزمەتکارێکی (واتە فەرمانبەرێکی) پادشا. پەیامبەرەکانیش خەڵکی شیمورووم، خورشیتوم Huršitum (لای دوون) و قابارا Qabaraن[7]. دیاریشە کە قابراو دوو شوێنەکەی تر بە مەبەستی پەیمان بەستن یان ڕێککەوتن دژی دوژمنی هاوبەش (ئیشمێ داگان یان گوتییەکان یان هەردووکیان) پەیامبەرەکانیان بۆ ماری ناردبوو. ئەمەش بەو ڕاستییانە تەئکید دەبێت کە هەردوو قابراو شیموررووم کێشەیان لەگەڵ گوتییەکان هەبووە، دیارە خورشیتومیش هەمان کێشەی هەبووە، ئەمەش جگە لەوەی کە قابرا، وەك بینیمان، لەگەڵ تورووککییەکاندا، نەیاری ئیشمێ داگان بوو.

---

لێرەدا (ئایدم) نووسیویەتی (یاخورورم)و وەك دەبینن ئاماژەی بۆ بەرگێکی ئەرشیفی ماری کردووە (Texts = T) بەڵام لە سەرچاوەی پەراوێزی سەرەوەدا (RA,39,p.67) ناوەکە (یاخورروم)ـە.

[1] لەبارەی تورووککییەکان بڕوانە کتێبی (چیرۆکی شمشارە)مان، ل ٤١-٥١، زانیاریی نوێتریش لە: ShA 1, p.25ff.

[2] ShA 1, p.57.

[3] ShA 1, p.57.

[4] ShA 1, p.23.

[5] ShA 1, p.23

[6] ShA 1, p.23.

[7] J.-R. Kupper, ARM, 3, 1950, 81.

سەیریش لەوەدایە ئەم پەیامبەرانە گەیشتبووتە تێرقا کە کەوتبووە باکووری ماری ، وەك ئەو هەر لەسەر فورات، لەکاتێکدا دەبوایە یەکەم جار بگەشتنایە ماری. دیارە ئەمانە ڕێگای ڕۆژهەلاتی ئاشوریان گرتبووە بەرو پاشان باکووریو بەم جۆرە گەشتبوونە ناوچەکانی سەر بە زیمری لیم و دواتر بە فوراتدا هاتبوونە خوارەوە کە ئەم ڕێگەیە هەرچەندە دووروودرێژە بەلام سەلامەتترە لەوەی یەکسەر ڕووبکەنە ڕۆژئاوا کە باشووری ئاشور بوو. ئەگەر ئەوەش بزانین کە ئیشمیٚ داگان ماوەیەکی کەم لە بابلدا پەناهەندە بوو و دواتر گەڕایەوە ولاتەکەی (سالی دەیەمی زیمری لیم)[1]، بابلیش باشووری ئاشورە، هۆی هەلبژاردنی ڕێگەکە ئاشکراتر دەبێت.

ئەم نامەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەك پاش مردنی شامشی ئادادو ماوەیەکی زیاتر پاش گرتنی قابرا لەلایەن ئەم و دادوشاوە، دەچێتە پالٚ بەلگەکانی ترەوە کە قابرا سەربەخۆ بووەوە، ئەمەش شتێکی ئاساییە بۆ ئەو ڕووداوانەی پێش مردنی شامشی ئادادو کاتی ئیشمیٚ داگانی کوڕی کە توروککییەکان ببوونە هەڕەشەیەکی گەورە و توانیبوویان بەشێکی گەورەی دەشتی هەولێر بگرن. لە باکووریشدا هێرشەکانی توروککییکان لە ناوچەی سنجاردا لە سالانی دوایی زیمری لیمدا جێگە مەترسی بوون[2].

## ئاررا پخا Arrapha

ئاررپخا وەك زانراوە شاری کەرکووکی ئێستایە[3]، لەمیلەکەشدا ناوی شارەکە بەشێوەی ئاررپخوم Arraphum هاتووە واتە لەگەلٚ پاشگری (ئوم)ی ئەکەدی، ناوەکەشی لەو سەردەمەدا بەزۆری وا دەنووسرا.

لە میلەکەی قابراشدا ڕستەیەك هاتووە کە بە چەند جۆرێك وەرگێردراوە: "ناوەڕاستی" واتە ناوەڕاستی ئاررپخا یاخود "کیرخوی ئاررپخا" یان شاری کێرخوم، کە کیرخو و کێرخوم واتای ئەو بەشەی شار کە قەلاکە دەگرێتەوە، لەکاتێکدا بەشەکەی تر بریتییە لە شارە نزمەکە (بۆ وردەکاریی ئەمە بڕوانە بابەتی کەرکووك لەم کتێبەماندا).

وتمان کە زوو (ئیپیق ئاداد)ی ئێشنوننا ئاررپخای گرتبوو. بەلام ئاررپخا ماوەیەکی زیاتری سەربەخۆیی بەخۆوە دیبوو. بێگومان هەردوو شاری ئاررپخاو ئوربێل سوودیان لە ململانێی نێوان ئاشورو ئێشنوننا وەرگرتبوو و بە سەربەخۆیی مابوونەوە تا دواتر هاوپەیمانێتی نێوان دوو دەولەتەکە کۆتایی بەو سەربەخۆییە هێنا[4]. نامەیەکی شمشارەش باسی گرتنی ئاررپخا لەلایەن شامشی ئادادەوە دەکات[5]. بۆیە دیارە لەنێوان گرتنی ئاررپخا لەلایەن ئیپیق ئادادەوە تا گرتنی لەلایەن شامشی ئادادەوە (بەهاوکاریی ئێشنوننا) شارەکە سەربەخۆ بووبێتەوە.

هەر لە نامەکانی شمشارەدا ناوی ئێتێللوم Etellum دێت کە لە ئاررپخادا بوو و دیارە فەرمانڕەوای ولاتیئاررپخا لەلایەن شامشی ئادادەوە بوو.

## ئوربی ئێل Urbi – ēl

ئەم شارە لەکاتی بنەمالەی سێیەمی شاری (ئور)ی سومەریدا بەئوربیللوم Urbillum و ئوربیلوم Urbilum، هەروەها ئاربیلوم Arbilum دەناسرا (کۆتایی هەزاری سێیەمی پێش زاین)، لەکۆتایی هەزاری دووەمو سەرەتای هەزاری یەکەمی پێش زاینیش ئاشورییەکان شارەکەیان بە ئاربائیلو Arbailu ناو دەبرد[6].

کاتی بنەمالەکەی ئور دووجار باسی "وێرانکردنی" هەولێر کراوە، یەکەم جار لەلایەن شولگییەوە (٢٠٩٤-٢٠٤٧پ.ز) ئەویش لە تۆماری سالی (٤٦)ەمیداو جارەکەی تر لە سالی دووەمی (ئامار – سین)ی کوڕیدا (٢٠٤٦-٢٠٣٨پ.ز).

---

[1] ShA 1, p.57.

[2] ShA 1, p.57.

[3] بۆ کورتە مێژوویەکی (ئاراپخا) بڕوانە باسەکەمان لەگۆڤاری (ڕامان)دا ژمارە (١٩)، ٥/١/١٩٩٨، ل ١٤٣-١٤٥ (باسی کەرکووکی ئەم کتێبەمان).

[4] ShA 1, p.38.

[5] J. Læssøe, AS, 16, 1965, p.193, ShA 1, no.64.

[6] بۆ مێژوویەکی کورتی هەولێری کۆن، بڕوانە وەرگێڕانێکمان لە(ڕامان) کە لەم کتێبەماندا بەناوونیشانی ئاربائیلو..) هەیە.

لەوانەشە لەوکاتەدا ئەم شارە پیرۆزە مەڵبەندی ئەو وڵاتە پانو بەرینە بووبێت کەلای سومەریو ئەکەدییەکان بەشێوەیەکی گشتی پێی دەوترا سوبارتو (سوبیر، شوبور،..).

وەك بینیمان لەو بەشەی لەمیلەکە بەساغی ماوە تەنها باسی ((وڵاتی ئوربی ئێل Urbi-ēl))و شارە شوورەدراوەکانی کراوەو ناوی شارەکە خۆی نەهاتووە. جا یان ئەوەیە ناوی شارەکە لەبەشە شکاوەکەی دەقەکە هاتووەو یان ئەوەیە پادشاکە نەیتوانیوە شارەکە خۆی بگرێت. ئیحتمالێکی سێیەمیش دەمێنێتەوە ئەویش شارەکە لەوکاتەدا وێران بووبێت، ئیحتیمالی چوارەمیش ئەوەیە شارەکە لەدەستی پادشاکە بووە، بەڵام زەوییەکانی دەوروبەریو تا وڵاتی قابرای لەدەستدا نەبوو بۆیە باس لەداگیرکردنی ئەمانە دەکات.

## شیموررروم Šimurrum

هەرچەندە لەو بەشەی لە "میلی قابرا" ماوەتەوە ناوی شیموررومی نەهاتووە، بەڵام ئەگەر شیموررروم نزیك زێ بووبێت ئەوا لەسەر ڕێگای دادوشاو شامشی ئاداد بوو و ئەگەر لە باشووری کەرکووکدا بووبێت ئەوا لەسەر ڕێگای یەکەمیان بوو.

لە بابەتێکی پێشووتریشدا باسی کێشە کۆنەکەی دەستنیشانکردنی شوێنی سیمورروممان کردو وتمان ڕایەکی کۆن هەبووە کە تا ئێستا هەیە پشتگیریی دەکات ئەویش کە وڵاتەکە نزیك پردێ (ئاڵتون کۆپری) واتە نزیك زێی خواروو بوو. ڕایەکی تریش دەیخاتە زۆر باشوورتر واتە ئەو شوێنەی ڕوباری عزێم زنجیرەی چیای حەمرین دەبڕێت و بەرەو باکوور. نوێتریش (فراین-١٩٩٧) جەرگەی وڵاتەکەی خستۆتە ناوچەی دەربەندیخان و (ئایدم-٢٠٠١) لەمەدا پشتگیریی دەکات[1].

سیموررروم(شیموررروم) مایەی نارەحەتیی بوو بۆ پادشایانی بنەماڵەی سێیەمی ئور و شولگی ناچار بووە چەندین جار لەشکرەکانی بکاتە سەری. دیارە دواتریش کە بنەماڵەکە هەرەسی هێنا (لەڕاستیدا ماوەیەکیش بەر لەوە)و ژمارەیەکی زۆر پادشانشینی ناوچەیی سەریان هەڵدا شیموررروم هەر سەربەخۆ بوو و دەورێکی بەرچاوی بینیبوو لە سیاسەتی ناوچەیی لە بەشی یەکەمی سەردەمی کۆنی بابلیو تا ئەو کاتەی حامورابی (١٧٩٢-١٧٥٠پ.ز) توانی (کەمتر لە دە ساڵ پێش مردنی) وڵاتی دوڕوبار بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

پێویستیشە لەڕاستیدا باسی سەردەمانێکی زۆر زووتری چالاکیی شیموررروم بکەین. ئەگەر ئەو بەسەرهاتنەی باسی نارام سین دەکەن ڕاست بن؛ واتە ڕاپەڕینە گەورەکە دژی نارام سین، شیموررروم لە کاتی ئەم پادشایەی ئەکەدەوە چالاك بوو(بڕوانە بابەتی: وردە فیرعەونەکان لەم کتێبەدا)، هەروەها دیارە لەکاتی فەرمانڕەوایی گوتییەکانیشدا چالاك بووبێت (بڕوانە بابەتی پادشا گوتییەکان لەم کتێبەدا).

ناوی شیموررروم لەنامەکانی ماریو شمشارەو (تل الرماح) دا هاتووە. لەنامەیەکی (تل الرماح)دا وتراوە ئەو سەربازانەی لە شیموررومەوە هاتوون بەرامبەر... وەستان(؟). پاش شکاوییەکیش باسی هەڵهاتوو لە شوێنێکەوە بۆ شاری زونولا Zunulla کراوە و ئەوانە بەرەڵایان ناکەن و فەرمان دراوە ئازاد بکرێن[2]. شاری زونولا لەگەڵ ناوی شاری زوری [....] Zuri [....] و نارەزایی لە بەدوژمن کردنیان لەگەڵ (زازییا) ناوێك کراوە. کەسێکیش بەناوی زازییا Zaziya پادشایەکی تورووککییەکان بوو و دەبینین پادشای شیموررروم تەسلیم بە گوتییەکان دەکات(بڕوانە خوارەوە).

ئەم باسانەش سەر بە کاتی حوکمی (زیمری لیم)ن و ئەوکاتەی (تل الرماح) لەژێر فەرمانی ئەودا بوو. وتیشمان دوای مردنی شامشی ئاداد شیموررروم لەگەڵ قابراو خورشیتوم پەیامبەریان بۆ فەرمانبەرێکی پادشای ماری (زیمری لیم) ناردبوو.

ناوی شیموررروم لە نامەکانی شمشارەدا هاتووە. شامشی ئاداد بۆ (کوواری)ی فەرمانڕەوای شمشارە دەنووسێت لەبارەی یاشوب ئاداد، فەرمانڕەوای ناوچەی ئاخازوم (لای ئایدم: لەنێوان دەشتی ڕانیەو هەولێر، لەدەوروبەری کۆیە، پایتەختەکەشی

---

[1] ShA 1, p.24.

دیارە (فراین) ڕای گۆڕیوە چونکە پێشتر(١٩٩٠) دەیوت زۆر دوور نییە لە کێوی حەمرین: RIME 4, 1990, p.707.

[2] S.Dalley, C. B. F. Walker, J.D. Hawkins, The Old Babylonian Tablets from Tell al Rimah, 1976, p.24.

بەپێی ئەو شاری شیکشاببومە Šikšabbum[1] و دەڵێت کە ناوبراو سەرەتا شوێنی پادشا یاخود فەرمانڕەوای شیمورروم lú ši-mu-ur-ri-i کەوتبوو، پاشان وازی لەم هێناو شوێنی فەرمانڕەوای توروککییەکان کەوت... شامشی ئاداد ئەو کەسانە دەژمێرێت کە یاشوب ئاداد شوێنیان کەوتبوو و خۆی یەکێکیان بوو[2].

دیارە کاتێك یاشوب ئاداد بووە هاوپەیمان یاخود شوێنکەوتەی شیمورروم کە ئەمیان بەهێز بوو و کاتێك وازی لێ هێنا کە وەکو جاران نەیتوانیوە سوودی لێ وەربگرێت.

ئەم گۆڕینی هاوپەیمانانە تەنها سێ ساڵی خایاند، نامەیەکی تری شمشارەش بەهەمان بابەت دیاری دەکات کە یاشوب ئاداد بۆ دوو ساڵ لەگەڵ شیمورروم بوو. لەبەر ئەوەشی شامشی ئاداد دەڵێت کە ناوبراو لە ئارراپخادا سوێندی بۆ خواردبوو، کەواتە پێش گرتنی قابراو ئاراپخا لەلایەن شامشی ئادادەوە یاشوب ئاداد لەگەڵ شیمورروم بووە، واتە بەر لە ساڵی ٢٨ ـەمی شامشی ئاداد (بەتەقریبی پێش ١٧٨٦پ.ن).

شێپراتو، کە وتمان وا دیارە فەرمانڕەوای ناوچەیەکی نزیك دەشتی ڕانیە بووە، دوو نامەی بۆ کوواری ناردبوو کە یەکێکیان دەگەڕێتەوە بۆ یەکسەر دوای گرتنی ئارراپخاو پێش گرتنی قابرا (کۆتایی ساڵی ٢٧ـەمی شامشی ئاداد). شێپراتو ئەمانەی لە کوواری بیستبوو. لەلایەن خۆشییەوە ئەوەی بیستبوو شامشی ئاداد دوژمنایەتیی یائیلانومی کردووە (کە یاشوب ئادادی ئاخازی لەگەڵ ئەواندا بووە پێش ئەوەی شوێنی شامشی ئاداد بکەوێت). شێپراتو لەم نامەیەدا باسی پەیامبەرانی شامشی ئادادو هی یائیلانوم و شیمورروم دەکات و داوا دەکات لەگەڵ کەسانی تر بچنە لای[3].

بەم پێیە تا دوای گرتنی ئارراپخاش شیمورروم هەر بە سەربەخۆیی مابووەوە، دەنا پەیامبەری بۆ ماری نەدەنارد کە ئاشکرایە پەیامبەر ناردن شوێنێك دەیکات کە فەرمانڕەوای خۆی هەیە.

سەربەخۆیی شیمورروم تا دوای تێکشکانی دەسەڵاتی ئاشور لە ڕۆژهەلاتی دیجلەداو لە ماری لە ڕۆژئاوادا ( توروککییەکانیش گورزی دوایەمینیان لە ئاشورییەکان وەشاندبوو)[4] هەر دەمێنێت ئەویش بە بەڵگەی ناردنی پەیامبەر (لەگەڵ پەیامبەرانی قابراو خورشیتوم- بڕوانە سەرووتر) بۆ زیمری لیم پادشای خۆماڵیی ماری پاش دەرکردنی یاسماخ ئاداد.

ئیشمێ داگان کوڕی شامشی ئاداد تەنها دەوروبەری شاری ئاشور و ئێکاللاتومی بەدەستەوە مابوو (ئەمەی دوایی زۆر دوورنەبو لە ئاشورو پایتەختی سەربازیی ئێشمێ داگان بوو لە ژیانی باوکیدا)و ، بەپێی ڕاپۆرتێك کە بۆ زیمری لیم نێردرابوو، ئیشمێ داگانی پادشای ئاشور دەیویست پەیمان لەگەڵ زازییا، پادشای توروککییەکان، ببەستێت، بەڵام ئەمیان پەیمانی لەگەڵ زازومی پادشای گوتی دەبەستێت و وەکو بارمتە کوڕەکانی بۆ دەنێرێت و سەرانەی دەداتێ. جگە لەوەش پادشای شیموررومی گەڕاندەوە بۆ زازوم. هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە ئەم پادشایەی شیمورروم، کە ناوی نەبراوە، لای زازوم بوو بەڵام دوایی هەڵهات و چووە لای زازییا[5].

بەم جۆرە دیارە شکستەکەی شیمورروم لەو کاتەوە بوو بە واقعێکی بەردەوام. لە شەڕەکانی حامورابی دژی توروککوم و کاکموم و سوبارتو ناوی شیمورروم نایەت مەگەر زاراوەی سوبارتو بیگرێتەوە کە جگە لە واتا ئەتنۆگرافییەکەی کە جاروبار بەکاردەهات واتایەکی جوگرافیی هەبوو کە هەم باکووری وڵاتی بابل (کە ئەو واتایەی "باکوور" کوردستانی باکووریشی دەگرتەوە)و هەم واتایەکی تەسکتر (=وڵاتی ئاشور بە تایبەتی)ی دەگرتەوە. ناوی وڵاتی سیمورروم یان شیمورروم لە دوای سەردەمی بابلیی کۆنەوە لە نووسراوەکاندا نەهاتووە،ئەویش هێندەی بزانم و سەرچاوەم لەبەردەستدایە.

[1] ShA 1, p.22.
[2] ShA 1, no.1.
[3] ShA 1, no.64.
[4] ShA 1, p.56.
[5] ShA 1, p.55 (ARMT, XXVI/2, 491 + A parallel in no.525)

شوێنەوارناسانیش وا دەزانن کە ناوی شارو و وڵاتی (زابان) جێگەی سیمورروومی گرتبووەوە، هەرچەندە هەر لەو کاتەی سیمورروم هەبووە ناوی زابان بینرابوو، بەڵام وەك چۆن شوێنی وڵاتی سیمورروم پێویستی بە وردبوونەوەیکی زۆرە، ئەو بڕوایەی زابان بە سیمورروومی کۆن یەکسان دەکات پێویستی بە وریاییەکی گەورەترە.